

# ئەرێ من گوێم گران بووە یان عەمروموسا .... وای گووت

دوێنێ عەمرو موسا لەگەڵ مەسعود بارزانی کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریان بەست ،عەمروموسا باسی ئەوەی کرد ساڵی 2002 نوێنەری بارزانی بینیووە هەتا باسی مەسەلەی کوردی بۆ بکات..کاتێ ئەو قسەیەی کرد رەنگی زەرد هەڵگەڕا و شەرمەزاری بە نێوچەوانی دیاربوو، رۆژنامەنووس پرسیاری ئەوەی لێکرد کە هەڵوێستی دەربارەی کارەساتەکەی هەڵەبجە و ئەنفاڵ چی بووە...بەرامبەر کامیرا و خەڵکی کوردستان ویستی بەو قسەیە هەندێک سۆز بۆلای خۆی رابکێشی...هەموومان دەزانین عەمروموسا نەک هەر هەڵوێستی نەبووە بەڵکو لەپشتی دیکتاتۆری بەندکراویش بوو ، ئەویش وای دەزانی صەدام حوسێن یەکێکە لە رزگارکەرەکانی فەڵەستین و دەستی بۆ پان دەکردەوە هەتا پارەی بۆ تێبکا...دیکتاتۆریش بەرامبەر دڵسۆزیەکەی ساکی دیپلۆماسی بۆ پڕ دەکرد لە دۆلار...مەسەلەی کورد کەوتبووە ناو سەلەی زبڵدانی عەمروموسا و یەک چرکرش ویژدانی بۆ کورد نەجولاوە ...عەمروموسا وادەزانی کورد ساڵی 2002 دەستی بە تێکۆشان کردووە و لەو سێ ساڵە داوای مافی رەوای خۆی کردووە ...ئەی ئەو کاتەی لە چیا و شارەکان رۆڵەکانی دەبوونە قوربانی توند وتیژی دیکتاتۆر لە گویی گادا نووستبوو...کاتێ مافی مرۆڤ دەخرایە ژێر پۆستاڵی دیکتاتۆرەبەزیوەکەی و ئەویش وەزیری دەرەوەی گەورەترین وڵاتی عارەبی بوو کوا ناوی کورد ی دەهاتە سەر زار ،ئێستاکەش وەکو شەرمەزارێک لەکاتی قسەکردنی دا دەڵێ {{{{الرئیس برزانی}}}}...دادگایی کردنی دیکتاتۆری عێراق بۆ ئەو موسایە کاردانەوەیەکی سەرسوڕێنەرە بۆ ئەو یەکەم جارە کارێکی ئاوا روودەدا سەرۆکی وڵاتێکی عارەبی دادگایی دەکرێت و لە بەختی موساش دادوەر کوردە... بۆیە لەبەرامبەر ئەو کارەساتە هیچ ووشەیەک نەهاتە سەر زاری هەر ئەوە نەبێ کە دادگایەکە بۆ چەند رۆژی تر دواخرا جا ئەو کاتە ئەگەر صەدام دادگایی کراو سزای لەسێدارەدانی درا ئەوا بە قەولی فارسان گوتەنی {پدەری دەردەهێنی} باسی دەکات...رەنگە بە دیکتاتۆر و نا دیموکراتیش لە قەڵەمی بدا...موسا دەیەوێ ئەو کۆنە بەعسیانە بخاتەوە سەر خەت ، بیانهێنیتەوە گۆڕەپان  هەتا بتوانن عوروبەی عێراق کە لە لێژیە بگەڕێنیتەوە

شوێنی خۆی ، بەڵام شیعەوکورد دەبێ لەو وازیە هەڵنەخەڵەتێن و رێگا نەدەن بەعس نەفەس بداتەوە و بەو ناوە جارێکی تر بە هەست و نەستی شەهیدانی رێگای رزگاری یاری بکەن ، ئەوانەی دەستیان بە خوێنی جەماوەر و خەڵکی بێتاوان سوورە ئەمانە تێکۆشەر و شۆڕشگێر نین ئەمانە تێرۆریست و مرۆڤ کوژن دانیشتن لەگەڵ ئەمانە بەهێزکردنی ئیرهابە لە عێراقدا...
ستۆکهۆڵم 23 / 10 / 2005 *فـــەهـــد گـــــــــــردەوا نـــــی*